# ئۆلیڤەر کان پێشبینی ڕۆیشتنی گواردیۆلا دەکات

یاریزانی نێودەوڵەتی پێشوو و گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرن میونشن ئۆلیڤەر کان ئاماژەی بۆ ئـــەوە کرد کە پیپ گواردیۆلای ئیســـپانی دوای بە کۆتاهاتنی وەرزی داهاتوو دەســـتبەرداری ئەرکی ڕاهێنانی یانەکەی هەرێمی بەڤاریا دەبێت.هەروەها کان بۆ ڕۆژنامەی تۆتۆ میرکاتۆی ئیتالی ڕوونیکردۆتەوە ڕاهێنەری بەتوانا هەمیشـــە سەرچاوەی دڵەڕاوکێیە بۆ یانەکان و لەهەرکاتێ بۆندێکی باشتری بۆ بێت دەتوانێ بەرەو یانەیەکی دی بڕوات. ئەو گۆڵپارێزەی پێشـــوو جەختـــی لەوەش کردۆتەوە کـــە گواردیۆلا توانیویەتی




## داهاتووی نیمار لەگەڵ بەرشلۆنە ڕوون نییە

ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەڕازیـــل و یانەی بەرشـــلۆنە نیمار داســـیلڤا دووپاتیکـــردەوە لە یانەی بەرشـــلۆنە کۆتایی بە ژیانی وەرزشـــی ناهێنێت، بەڵام لەئێستادا بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەو یانەیە جێ بێڵێت. هەروەها نیمار ئاماژەی بۆئەوە کردووە نازانێت تا کۆتایی ژیانی وەرزشی لەیانەی بەرشلۆنە دەمێنێتەوەو لێرەوە واز لەیاری نێودەوڵەتی دەهێنێـــت یان نا، بەڵام لە ئێســـتادا بیر لە جێهێشـــتنی ئەو یانەیە ناکاتەو.سەبارەت بەخۆشحاڵیشی لەو یانەیە نیمار ئاشکرایکردووە نهێنی خۆشەویستی لە یانەی کەتەلۆنییەکە بۆ پەیوەندی باشی دەگەڕێتەوە لە دەرەوەی یاریگە لەگەڵ هاوڕێکانی لە تیپەکەی بەتایبەت لیۆنیل میسی کە ڕێگەخۆشکەری بووە بۆ تۆمارکردنی زۆربەی گۆڵەکانی لەم وەرزەدا، لەمبارەیەوە نیمار گوتی: میسی لەکاتی یاریکردندا ئاسانکاری بۆ هەموو یاریزانەکان دەکات، بۆیە زۆر ئاسان دەبێت کەگۆڵ تۆمار بکەین .



مەشـــق و راهێنانەکی باش و سەرنجڕاکێش بە یانەی باڤـــاری بدات لەســاڵی رابردوو بەجۆرێـــك توانی لە نزیکترین دەرفەتدا شـــێوازی یاریکردنی خۆی بەسەر سەرجەم یاریزانەکان دیاری بکات لە تیپەکە.لەکۆتایی قســـەکانیدا کان گوتـــی: ناتوانین بـــەزۆر گواردیۆلا بهێڵینـــەوە هەرچەنـــدە گفتوگـــۆکان بەردەوامـــە لەگـــەڵ ئـــەو راهێنەرە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەســـتەکەی، ئەمەش لە کاتێـــك دەبێت هەردوولا ئـــارەزوو بکەن بۆندێکی تازە واژوو بکەن .

# لویس ئەنریکی: رووداوەکەی کریستیانۆ گەورە مەکەن

راهێنەری یانەی بەرشلۆنە لویس ئەنریکی داوای لە دەزگاکانی راگەیاندن کرد لە بەرامبەر رووداوی دەرکردنی ئەســـتێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بە هێمنانە مامەڵە بکەن و کریستیانۆ سەرنەبڕن بەهۆی ئەو هەڵەیەی ئەنجامی دا لەمیانەی یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی کۆردوبا کە بە کارتی سوور دەرکرا.

پێگەی برنابیۆ دیجیتاڵ قسەکانی ئینریکی دەربارەی رۆناڵدۆ کە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا پێشکەشی کرد، بڵاو کردەوە، ئینریکی دەڵێت: کریستیانۆ رۆناڵدۆ دانی بەوەدا ناوە کە هەڵەی کردووە، بەڵام ئەوە وەرزشە هەمیشە زۆر رووداو و توندوتیژی لە نێوان یاریزانەکان روودەدات، بەتایبەت لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان، بۆیە پێویست ناکات قسە و قسەڵۆکی زۆری لەسەر بکرێت، بەتایبەت لەسەر ئەو یاریزانە کە دواتر داوای لێبوردنی کردووە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوە جاری نۆیەمینە کە کریســـتیانۆ رۆناڵدۆ لە ژیانی وەرزشیدا بە کارتی سوور دەردەکرێت.

